شۆڕش

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

دەورەی دووهەم، ژمارە(٥٢). نیوەی دووهەمی ڕێبەندانی ١٣٨٤




# کاری ڕاگەیاندن بە بۆنەی ٢٦ ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە:

## مەهاباد

شاری سەربەرزی مەهاباد لە سەر و بەندی ٢٦ ڕێبەنداندا سیمایەکی دیکەی بە خۆیەوە بینی و و خەڵکی ئەو شارە بە شوور و شەوقەوە بەرەو پێشوازی ڕۆژی کۆمەڵە چوون. هاوڕێیان و تێکۆشەرانی کۆمەڵە بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەم ڕۆژە خۆشەویستە چەند جار بە کاری ڕاگەیاندنی خۆیان ڕێزیان لەم ڕۆژە گرت. ئەو هاوڕێیانەمان بۆ جاری یەکەم، لە گەڕەکەکانی، مەجبووراوای خواروو، ئەرمنییەکان، کۆڵانەکانی شەقامی جام جەم، کۆڵانەکانی شەقامی وەفایی، گەڕەکی چاکە چکول، کۆڵانی مامڵێ و چەندین خوێندنگای شاری مەهاباد. تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاو کردەوە.

بۆ جاری دووهەم ئەم شوێنانە شاهیدی کاری ڕاگەیاندنی تێکۆشەرانی کۆمەڵە بوو:

سارم بەگ، مەیدانی ئارد، دەورووبەری سەدا و سیما، دەورووبەی مزگەوتی حاجی ئەحمەد، شەقامی ئێرانپەیما، تاناکورا و مەدرەسەی کچانەی شەرافەت.

ئەوان ئەو گەڕەک و شوێنانەیان بە شیعارەکانی، بژی کۆمەڵە، پیرۆز بێ ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، بژی ئازادی و بەرز و بەڕێز بێ یادی کاک حەمە حسێنی کەریمی و کاک فوئادی ڕابەر ڕازاندەوە. کاری ڕاگەیاندنی هاوڕێیانمان لە شاری مەهاباد، بووە هۆی شادی و خۆشحاڵی خەڵك.

بە پێی دوایین هەواڵ لەمبارەیەوە، هاوڕێیان و تێکۆشەرانمان بۆ جارێکی دیکە ، لە شاری مەهاباد دستیان کرد بە کاری ڕاگەیاندن بۆ هەرچی شکۆدارتر کردنی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە. ئەم هەڵسووڕاوانەی کۆمەڵە، لە خولۆرئاوا، دۆڵی کەروێشکە، ئاپارتمانەکانی شارەك، شارەکی کارمەندان، بەهارستان، ٦٠ دەستگا، تەپەی قازی، مەدرەسەی ١٧ی شەهریوەر، تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بڵاو کردەوە و ئەو گەڕەکانەیان بە شیعاری بژی کۆمەڵە، ٢٦ی ڕێبەندان پیرۆز بێ، شەکاوە بێ ئاڵای سووری کۆمەڵە و بژی ڕێبازی کاک فواد ڕازاندەوە.

## بۆکان

شەوی ٢٣ لە سەر ٢٤ و هەروەها شەوی ٢٤ لە سەر ٢٥ ی ڕێبەندان خەڵکی شاری بۆکان، شاهیدی کاری ڕاگەیاندنی بەرینی تێکۆشەرانی کۆمەڵە و ڕێبوارانی ڕێگەی دوکتور جەعفەری شەفیعی بوون. دوێنێ شەو و پێرێ شەو، دڵسۆزان و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە شاری بۆکان، بە هەزاران و بگرە زۆرتریان لە ناو شاری بۆکان و دەورووبەریدا بڵاو کردۆتەوە. دوێنێ و پێرێ و ئەمڕۆ باسی سەرەکی و گەرم و گوڕی ناو خەڵك، بڵاو بوونەوەی تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە لە هەموو گەڕەك و کۆڵان و شەقامەکانی شاری بۆکان بووە.

شارەکی فەرهەنگیانی تازە، کولتەپە، پارکی حەسەن زیرەك و دەووروبەری، کەمەربەندی و فەرهەنگیان و کووی محەمەدی، شەهامەت و هەموو کۆڵانەکانی دەووروبەری، جادە حەسار و هەموو کۆڵانەکانی، گەڕەکی بیمارستان و دەورووبەری، بلواری کوردستان و هەموو کۆڵانەکانی سەر بەو شەقامە، شەبانە ڕوزی و پشت فەرمانداری و سینەما و خیابانی سەقز، ئەبووزەر، پارکی ساحیلی و هەموو شەقام و کۆڵانەکانی ئەو دەورووبەرە، گەڕەکی ژاندارمری، ئامووزش و پەروەرش و شەقامی ئامووزش و پەروەرش و هەموو کۆڵانەکان، شەقامی ئینقلاب، دەورووپشتی موخابرات، پۆمپی بێنزین و پارکی ناو شار و هەموو کۆڵانەکانی ئەو دەورووپشتە، خانەقا، فەلەکەی قودس و مەسیرێکی زۆر لە جادەی سەد، کۆڵانەکانی دەورووپشتی تەڕەبار، کەمەر بەندی هەتا دەگاتە فەلەکەی نەغداڵی، ترمینالی تەورێز و تاران و مەهاباد، کارێزی سەقز، کارێزی ساینقەڵا و هەموو کۆڵان و شەقامەکانی دەور وو پشتی ئەو سێ تێرمیناڵە، سێڕای خاوەران، سەید شوکرە، گەڕەکی کوشتارگا، ناو بازار بە گشتی، چوارڕای شارەداری، شەقامی وەرزش و دەورووپشتی مەیدانی فووتباڵ، سێڕای حاجی شەهاب، قوللە و قەڵا و دەورووپشتی مزگەوتی جامیعە، چوارڕای ئەسکەندەری بەرەو میراوا، گەڕەکی دەورووبەری حەمامی حاجی شاخە و حەڵەبی، چوارڕای ئیتلاعات بەرەو خوار و بەرەو سەر، شەقامی مامۆستا حەقیقی، بانکی کەشاوەرزی و دەورووپشتی، مەجبوورئاوا، عەلی ئاباد و دەیان گەڕەك و شوێن و شەقامی شاری بۆکان. کاری ڕاگەیاندنی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بە ڕادەیەك بەرین و بێسنوور بووە کە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێ باسی لێدەکرێ. بە دەیان هەزار تراکت و نووسراوەی کۆمەڵە لە ناو نایلۆندا لە بەر دەرکی هەموو ماڵێ دانرابوو یان خرابووە ناو حەوشی ماڵان. بەشێکی زۆر لە ماشێنەکانی ناو شاری بۆکان تراکتی کۆمەڵەیان پێدرا و لە دەیان شوێن بۆ شکۆدار ڕاگرتنی ٢٦ی ڕێبەنداندا شیعار نووسی کراوە. ئەم کارە گەورەیەی هاوڕێیانمان لە بۆکان لەگەڵ پێشوازییەکی بەرینی جەماوەری بەرەو ڕوو بووە و دلگەرمییەکی ئێجگار زۆری بە خەڵکی شاری بۆکان داوە.

هەر بە پێی ئەم هەواڵە چەندین کۆڕ و کۆمەڵی ئازادیخوازی شاری بۆکانیش ڕاگەیاندنیان دەرکردووە و لە ناو شاری بۆکاندا بڵاویان کردۆتەوە و پیرۆزبایی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵەیان لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و خانەوادەی زیندانیانی سیاسیی کۆمەڵە و خانەوادەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و خانەوادەی پێشمەرگە دێرینەکانی کۆمەڵە کردووە. کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری بۆکان ڕاگەیاندنی لەم چەشنەیان بڵاو کردۆتەوە و خۆیان لە شادی و خۆشحاڵی ئاڵقەی بەرینی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵەدا بە شەریك زانیووە و پیرۆزبایی دامەزرانی ڕۆژهەڵات تیڤییان لە خەڵکی کوردستان کردووە و هیوای سەرکەوتنی زۆرتریان بۆ کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵك خواستووە.

ئەو هاوڕێیانە بۆ جاری دووهەم لە شەوی دواتر بە کاری ڕاگەیاندن و ڕێژەیەکی زۆر تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان لە چەندین گەڕەکی دیکەی شاری بۆکان بڵاو کردەوە، لەوانە:

جادە حەسار، شەقامی ئامووزش و پەروەرشی کۆن، کۆڵانەکانی دەورووبەری مزگەوتەکانی ڕەسووڵ، عومەر، ئیبراهیم، گەڕەکی ئەبووزەر، شەقامی وەرزش و کۆڵانەکانی ئەو دەورووبەرە، تەڕەباری کۆن، فەرهەنگیان، قەڵا.

هەروەها لە میراوای شاری بۆکانیش، دوێنێ شەو کاری ڕاگەیاندنی بەر بڵاو کراوە و لە دەیان شوێنی شاری میراواش تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە بڵاو کراوە. کاری ڕاگەیاندنی هاوڕێیانمان لە بۆکان و میراوا، لەگەڵ پێشوازی خەڵك بەرەوروو بووە و بووە هۆی شادی خەڵك.

## دیواندەرە

بە پێی هەواڵێك لە شاری دیواندەرەوە، ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی ڕێبەندان هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرگرتن لە هەر جۆرە شادی و خۆشی دەربڕینێ بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە و یان ئاگر کردنەوە بەم بۆنەوە، لە سەر چەندین بەرزایی دەورووبەری شاری دیواندەرە جێگیر ببوون و شاریان خستبووە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی خۆیان. هاوڕێیان و تێکۆشەرانی کۆمەڵە، بەم حاڵەشەوە سەرەنجام توانییان لە سەر تەپەی قەبرستانی شار ئاگر بکەنەوە، بەڵام دەستبەجێ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتنە ئەو شوێنە و ئاگرەکەین کوژاندەوە. کاری ڕاگەیاندنی هاوڕێیانمان لە شاری دیواندەرە، زۆر بەربڵاو بوو، بۆیە ترس و نیگەرانی خستبووە دڵی داگیرکەرانەوە.

## ژاوەرۆ

تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە ناوچەی ژاوەرۆ بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، شەوی ٢٥ لە سەر ٢٦ی ڕێبەندان بە سەدان و هەزاران تراکت و نووسراوەی کۆمەڵەیان لە چەندین ئاوایی ئەو ناوچەیەدا بڵاو کردەوە. لەوانە:

ئەوێهەنگ، سالیان، نجێ، هویە و سەرهویە. لەو ئاوایانەدا، تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە بە بەرینی لە ناو خەڵك و لە هەموو کۆڵانەکاندا، لە مزگەوت و خوێندنگاکاندا، لە ناوەندە بێهداشتی و شوێنە گشتییەکاندا بڵاو کراوە و خەڵکانێکی زۆر تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بە دەست گەیشت و پێی شاد بوون. لەو ئاواییانە قسەی سەرەکی، تەنیا و تەنیا کاری ڕاگەیاندنی تێکۆشەرانی ماندوویی نەناسی کۆمەڵە بوو و بووە هۆی شادی و خۆشی خەڵکی ئەو ئاواییانە و بە تایبەت لاوان.

بە پێی هەواڵێکی دیکە لە ژاوەرۆوە لە بەرزاییەکانی چەندین ئاوایی ناوچەی ژاوەرۆ، بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە ئاگر کراوە. لەوانە سالیان، هویە و سەر هوویە. هەواڵی ئاگر کردنەوە لەسەر ئەو بەرزاییانە بە خێرایی بەو ناوچەیەدا بڵاو بووەوە و شادی و خۆشحاڵی خەڵکی بە شوێنەوە بووە. خەڵکی ئەو ئاواییانە بە گشتی ڕێزیان لە فیداکارییەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە گرت و یاد و بیرەوەری سەدان شەهیدی کۆمەڵەیان بەرز ڕاگرت. هەر بە پێی ئەم هەواڵە، تێکۆشەرانی کۆمەڵە لەو ناوچەیە تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان لە ئاواییەکانی خواشت، دادانە، دانیکش، ڕشنەشدا بە شێوەیەکی بەرین بڵاو کردەوە و خەڵکێکی زۆر بە دەستیان گەیشت.

## کەڵاتەرزان

بە پێی هەواڵێ لە ناوچەی کەڵاتەرزانەوە، تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە ناوچەی کەڵاتەرزان، بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، شەوی ٢٥ لە سەر ٢٦ی ڕێبەندان شەو تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بە شێوەیەکی بەرین و کەم وێنە، لە ئاواییەکانی بەرقڕوو، لەنگەرێز، ئەحمدئاوا، میانە و گۆشخانی و لە سەر جادەی سنە بۆ مەریوان، بڵاو کردەوە. هەموو کۆڵان و گەڕەك و خوێندنگا و مزگەوت و ناوەندەکانی بێهداشت و دەرمان تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە تایبەت بە ٢٦ی ڕێبەندانیان تێدا بڵاو بووەوە.

## کامیاران

هاوڕێیان و دۆستانی کۆمەڵە لە شاری کامیاران بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان بە هەزاران تراکت و نووسراوەی کۆمەڵەیان لە ناو شاردا بڵاو کردەوە و ئەم کاری هاوڕێیانەی کۆمەڵە بووە هۆی شادی و خۆشحاڵی خەڵکی شاری کامیاران. بە پێی ئەم هەواڵە، تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە شاری کامیاران دوێنێ شەو، لە شارەکی بێعسەت، شەقامی ئەڵك، شەقامی تروەرێز، بان تەپە، ١٢ میتری، شەشوم بەهمەن، تەپەی پیر محەمەد، دەورووبەری سوپا، دەورووبەری پاسگا و جادەی سنە، جادەی کرماشان، جادەی شیروانە بە هەزاران تراکت و نووسراوەی کۆمەڵەیان بڵاو کردەوە. کاری ڕاگەیاندنی هاوڕێیانمان لە شاری کامیاران، زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو و دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناو خەڵکی شاری کامیاراندا بووە. لە چەند گەڕەکی شاری کامیاران، ماڵ بە ماڵ تراکت و نووسراوەی کۆمەڵەیان بۆ چووە. هەروەها لە ئاواییەکانی باتمان، گازرخانی، بوانە و تروەڕێز، کاری ڕاگەیاندنی بەرین کراوە

## سەردەشت

بە پێی هەواڵێك لە شاری سەردەشتەوە، شەوی چوارشەممە ٢٦ ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، لاوانی شاری سەردەشت، دەستە دەستە هاتنە ناو کۆڵان و سەر شەقامەکان و پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە هەستیان بە جم و جۆڵێك لە ناو لاواندا کردبوو، ڕژانە سەر شەقامەکان و بە لیباسی شەخسیەوە خەریکی گەشت لێدان بوون و دۆخەکەیان بە وردی کۆنترۆڵ دەکرد. چەند دەستە لە لاوانی شاری سەردەشت چەپکە گوڵیان بردە سەر گڵکۆی چەند شەهیدی کۆمەڵە لە ناوچەی سەردەست و بەمجۆرە ڕێزیان لە ڕۆژی کۆمەڵە گرت. هەروەها دەستەیەك لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە ناوچەی سەردەشت لە شەوانی ڕابردوودا لە چەندین گەڕەکی ئەو شارە تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بڵاو کردەوە و ڕێزیان لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە گرت. کاری ڕاگەیاندنی ئەم هاوڕێیانەمان لە شاری سەردەشت دەنگدانەوەی زۆر بوو لە ناو خەڵکی ئەو گەڕەکانە.

## سەرهوویە

خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی سەرهوویە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، شادی و خۆشی خۆیان دەربڕی و ڕێزیان لە یادی هاوڕێی گیانبەختکردوومان شەهید کەیوانی کیانی گرت. بە پێی ئەم هەواڵە ئاڵای کۆمەڵە لە سەر چوار کێوی دەورووبەری سەرهوویە دەشەکایەوە و ئاگریش هەڵکرابوو. مەئموورەکانی ڕژیم دەسبەجێ گەیشتنە شوێنی هەڵکرانی ئاڵاکەی کۆمەڵە و ئاڵاکەیان هێنایە خوار و گوشاری زۆریان بۆ خەڵك هێنا هەتا بەر بە شادی دەربڕینیان بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە بگرن. بەڵام خەڵك کۆڵیان نەدا و ڕێزیان لە ٢٦ی ڕێبەندان گرت و بیرەوەرییەکانی خۆیان دەربارەی شەهید کەیوانی کیانی زیندوو ڕاگرت.

## سەقز

هاوڕێیان و تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە شاری سەقزیش، شەوی ٢١ لە سەر ٢٢ ، بە بۆنەی نزیکبوونەوە لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە دەستیان کرد بە کاری ڕاگەیاندنی بەربڵاو و تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بە بەربڵاوی لە چەندین گەڕەك و شوێنی شاری سەقزدا بڵاو کردەوە. ئەو شوێنانەی وا ئەم تێکۆشەرانە کاری ڕاگەیاندنیان تێدا کردووە، بریتین لە:

شەهرەکی دانشگا، بەرگراج، خیابانی ساحلی، چوارڕای نەشمیلان و شوێنی دیکە. کاری ڕاگەیاندنی هاوڕێیان و دڵسۆزانی کۆمەڵە و خەڵکی ئازارچێشتووی کوردستان لە شاری سەقز، بووە هۆی شادی خەڵکانێکی زۆر و بە بەرینی لە ناو شاری سەقزدا دەنگی داوە. بە پێی هەواڵێکی دیکەش لە شاری سەقزەوە، شەوی ڕابردوو، تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە شاری سەقز، تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بە ناو دەبیرستانی کچانەی بێنتولهۆدا سەدر لە گەڕەکی شاناز، دەبیرستانی کوڕانەی ڕەزا حسەینی لە بلواری وەحدت، دەبیرستانی تورکەمەن لە شەقامی حافز، دەبیرستانی نموونەی ئەدەب لە گەڕەکی شاناز، دەبیرستانی مستەفا خومەینی لە گەڕەکی سیلۆ و مەدرەسەی ڕاهنمایی ٢٢ی بەهمەن لە شەقامی سەعدی بڵاو کردەوە و بە کرانەوەی خوێندنگاکان بە سەدان خوێندکار چاویان بە نووسراوەکانی کۆمەڵە کەوتووە و تین و تەوژمێ لە ناویاندا پێکهاتووە و بۆتە هۆی شادی و خۆشحاڵی خوێندکارانی شاری سەقز. هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی کە ئەو وەزعەیان بینی، بە فراوانی ڕژابوونە سەر شەقام و کۆڵانەکانی شاری سەقز و بە لیباسی مەئموورانی ڕاهنمایی و ڕانەندەگییەوە بە ناو شەقام و کۆڵانەکاندا دەگەڕان. هەروەها هەواڵێکی دیکەشمان بە دەست گەیشتووە کە ژمارەیەکی دیکەش لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە شاری سەقز شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی ڕێبەندان، لە دوو گەڕەکی حەماڵاوای خوار و حەمەلاوای سەروو کاری ڕاگەیاندنیان کرد و تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان گەیاندە دەست بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئەو دوو گەڕەکە.

ئەو هاوڕێیانە هەروەها شەوی ٢٢ لە سەر ٢٣ ی ڕابردوو بۆ جارێکی دیکەش دەستیان کرد بە کاری ڕاگەیاندنی بەربڵاو لە چەندین گەڕەکی شاری سەقز تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە، تایبەت بە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵەیان بڵاو کردۆتەوە. ئەو شوێنانە بریتین لە:

نەشمیلان، کوشتارگا و تەپەی شافعی، سیلۆ( بلواری کوردستان) بە گشتی و ٣٢ میتری، کانی نیاز بە گشتی، کەریمئاوا و سەرچەمی وەڵیخان و دەورووبەری و حاجی سەفەری.

شەوانی ٢٣ و ٢٢ی ڕێبەندان هاوڕێیان و دڵسۆزانی کۆمەڵە لە شاری سەقز، بۆ چەندەمین جار دەستیان کرد بە کاری ڕاگەیاندن و بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە و شیعار نووسین بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە. ئەم هاوڕێیانەمان ئەمجارەیان، دڵی خەڵکی گەڕەکەکانی کانی گەرمکاو و بەردبڕان، کۆڵانی بیمارستانی خومەینی، دەبیرستانی ڕەزا حسێنی و کۆڵانەکانی دەورووبەری، کۆڵانی دادگا، بلواری وەحدەت، جووتیاران، بلواری تەربیەت و شارەبانییان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە شاد کرد. خەڵکی گەڕەکە جۆراوجۆرەکانی شاری سەقز، ماوەی چەند ڕۆژێکە بەردەوام شاهیدی کاری ڕاگەیاندنی تێکۆشەرانی کۆمەڵەن و بڵاو بوونەوەی تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە، بۆتە قسەی سەر زاری خەڵك لە شاری سەقز.

## سنە

بەپێی هەواڵەکان لە شاری سنەی قارەمان و دڵە گەورەکەی کۆمەڵە، شەوی ٢١ لە سەر ٢٢ تێکۆشەرانی کۆمەڵە لەو شارە، دەستیان کرد بە کاری ڕاگەیاندنی بەربڵاو و چەندین شوێنی ئەو شارەیان بە تراکت و نووسراوەکانی تایبەت بە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە ڕازاندەوە. هاوڕێیانمان لە شاری سنە، هەروەها چوونە سەر کێوی ئاویەر و بە سەدان تراکتی کۆمەڵەیان لە لووتکەی ئاویەرەوە بەرەو خوار هەتا کانی شەفا و تاقەدار، هەروەها مەیدانی گاز و جادەی ئاویەر بەرەو حەسەن ئاوا بڵاو کردەوە. سەر لە بەیانی کاتێك کە لاوان و وەرزشکار و شاخەوان ڕوویان دەکردە ئاویەر، چاویان بە تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە کەوت و پێی شاد بوون.

چالاکی ڕاگەیاندنی هاوڕێیانی کۆمەڵە بووە هۆی تووڕەیی هێزە داگیر کەرەکانی ڕژیم و هەر بۆیە ڕۆژانی شەوی ٢٠ لە سەر ٢١ و شەوی ٢١ لە سەر ٢٢ی ڕێبەندان بە نزیکبوونەوەی ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە، حاڵەتێکی تەواو نیزامی و فەرزایەکی پۆلیسییان خولقاندووە و بە توندی خەڵکیان خستە ژێر چاوەدێرییەوە و ڕێبواران و ماشێنەکانیان دەپشکنی و ئەم کارە قێزەونەی ئەوان بووە هۆی تووڕەیی و بێزاری خەڵك لەوان.

## مەریوان

شاری قارەمانی مەریوان وەکوو ساڵانی ڕابردوو و لێبڕاوانەتر لە جاران بەرەو پێشوازی ڕۆژی کۆمەڵە چوون. تێکۆشەرانی کۆمەڵە لەو شارە هەرلە چەند ڕۆژ پێش لە هاتنی ٢٦ی ڕێبەندانەوە واتە ڕۆژی شەممە ١٥ی ڕێبەندان دەستیان کرد بە کاری ڕاگەیاندنی بەربڵاو و تراکتی تایبەت بە ڕۆژی کۆمەڵەیان بە بەرینی لە ناو شاری مەریواندا بڵاو کردەوە. تێکۆشەرانی کۆمەڵە، جگە لە بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە تراکتەکانی کۆمەڵەیان لەگەڵ شیرینی بۆ زۆربەی خەڵك و تەنانەت بۆ زۆربەی کارمەندان پۆست کرد و بە دەست زۆربەشیان گەیشت. هەروەها لە ئەو تراکتانە لە ناو مەدرەسەکاندا بڵاو کراوەوە و بە گشتی بووە هۆی شادی و خۆشی خەڵکی شاری مەریوان و دەورووبەر.

دڵسۆزان و تێکۆشەرانی کۆمەڵە چەند ڕۆژ دواتریش دیسان دەستیان کرد بە کاری ڕاگەیاندن و تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان لە ناو خەڵکی چەند گەڕەکی ئەو شارەدا بڵاو کردەوە. تەنانەت کەش و هەوای بارانی شاری مەریوانیش نەبووە هۆی ئەوەی تێکۆشەرانی کۆمەڵە، کاری ڕاگەیاندنی خۆیان ڕاگرن و لە گەڕەکەکانی چوارباغ، بزی پارك، لەیلاخی، دینار فرۆشەکان، باوە ڕەشی و چوارڕای بایەوە، تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بڵاو کردەوە.

ئەو هاوڕێیانە بۆ جاری دووهەم، بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، دەستیان کرد بە کاری ڕاگەیاندن و تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بە بەرینی بڵاو کردەوە. بە پێی ئەم هەواڵە، لە سەر ڕێی بازاڕچەی پیلەوەری بۆ بازاڕچەی باشماخ کە شوێنێکی پڕ هات و چۆیە و ماشێن سەنگینەکانی زۆربەی ناوچەکانی ئێران دێنە ئەو بازاڕچەیە، بە سەدان تراکت و نووسراوەیان بڵاو کردەوە. کاری ڕاگەیاندنی هاوڕێیانمان لەو شوێنانە بووە هۆی شایی و خۆشحاڵی ئەو کەسانە کە ڕوویان دەکردە ئەو بازاڕچەیە.

لە شاری مەریوانیش وەکوو باقی شارەکانی کوردستان پێشوازی بەرینی خەڵك لە ٢٦ی ڕێبەندان ترسی خستە دڵی داگیر کەران و شەوپەرەستان، هەر بۆیە هێزە داگیر کەرەکانی ڕژیم چاودێرییەکەی توندیان خستە سەر شوێنەکانی هاتنە ناو شار و بە توندی کۆنترۆڵیان دەکرد. بەڵام ورەی لاوان و تێکۆشەرانی شاری مەریوان لەوە بەرزتر بوو کە هەواڵە نەزۆکەکانی داگیر کەران بتوانێت بەر بە شایی و خۆشی ئەوان بۆ ٢٦ی ڕێبەندان بگرێت.

## بانە

بە پێی ئەو هەواڵانە کە لە شاری بانەوە گەیشتوون، خەڵکی تێکۆشەری بانەش وەکوو باقی شارەکانی دیکەی کوردستان، شاهیدی کاری ڕاگەیاندنی تێکۆشەرانی ماندوویی نەناسی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە لەو شارە بوون. هاوڕێیانی ماندوویی نەناسمان لە شاری بانە، شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممەی ڕابردوو واتە ٢٤ لە سەر ٢٥ و شەوی ٢٥ لە سەر ٢٦، لە گەڕەکەکانی، شەهرەکی تەوحید، هەمزاوا، شەقامی بیمارستان و کۆڵانەکانی دەورووپشتی، گوڵشەهر فازی یەك و فازی دوو، ئازادەگان، گەڕەکی ئیتلاعاتی قەدیم، گەڕەکی دوکانان، سێڕیانی بۆیەن و چەندین شەقام و شوێنی دیکەی شاری بانە، تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان بە بەرینی بڵاو کردەوە. هەروەها ئەو تراکتانە دەدرا بە دەستی شۆفێری ئەو ماشێنانەی لەو شوێنانەوە تێدەپەڕین و ئەوانیش بە تامەزرۆییەوە وەریاندەگرت و شادی و ڕەزامەندی خۆیان بەو بۆنەوە دەردەبڕی.

ل٥